ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## شیکردنەوەی FTP Commander بۆ گواستنەوەی پە

نووسەر : Aso Naderi
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

شیکردنەوەی FTP Commander بۆ گواستنەوەی پەڕگە.
بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئاشنان لەگەڵ پەڕگە داگرتن و ناردن لە/بۆ سەر ڕاژەکارەکان بە شێوازی FTP، کە پرۆگرام زۆرە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە.
بەڵام هەر پرۆگرامە و تایبەتمەندی و بەکارهێنەری خۆی هەیە. هەندێک لەو پرۆگرامانە بەشێوەیەکی ئاسان بەبەرهەم هاتوون و ناتوانرێ وردەکاری زۆریان لەسەر جێبەجێ بکرێت.
لەهەمان کات دا زۆر پرۆگرامی دیکەش هەیە کە بەشێوەیەکی تەواو و زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکان ڕادەپەڕێنن، بۆ نموونە پرۆگرامی FTP Commander کە یەکێکە لە پرۆگرامە زۆر چاک و بەناوبانگەکانی بواری داگرتن و ناردنەسەرەوەی پەڕگە لە/بۆ ڕاژەکارەکانی FTP.
لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم خاڵە پێویستەکانی ئەو پرۆگرامە شی بکەمەوە.
دەتوانی پرۆگرامی FTP Commander وەشانی 7.73 لێرە دابگریت.
پاش داگرتن دایبمەزرێنە، پەڕگەی patch / patch.exe ڕوونووس بکە و لەنێو بوخچەی پرۆگرامی FTP Commander بیلکێنە.




دووجار کرتە بکە لە پەڕگەی ناوبراو و بیکەوە، پاشان کرتە بکە سەر Apply Patch.




وەک لە وێنەی سەرەوە روونە، پەیامێکت بۆ دێت کە نووسراوە، Everything Seemed To Work Fine، واتە پرۆگرامەکە ئەبێ بە بێ کێشە و بەتەواوی کاربکات.

پاش ئەو هەنگاوانەی سەرەوە بۆ تۆمارکردنی پرۆگرامەکە، FTP Commander بکەوە.




2> لە بەشی چەپ دا پەرگەکانی نێو کۆمپیوتەری خۆت دەردەکەون.

3> لەبەشی ڕاست دا پەرگە و زانیاریەکانی FTP ڕاژەکارەکان دەردەکەون.

بۆ ئەوەی ڕاژەکارێکی ویستراو دروست بکەیت لە لیستەی ڕاژەکارەکان دا و بتوانی پەرگەی بنێریتە سەر یان دابگریت، دەتوانی کرتە بکەیتە سەر 4 / New Server.

پەنجەرەیەک بۆ نووسینی زانیاریەکانی ڕاژەکاری نوێ دەکرێتەوە.




5> ناوی ڕاژەکار.
6> ئادرێسی ڕاژەکار، واتە ئادرێسی FTP.
7> پۆرتی بەکاربراو، باشتر وایە دەستکاری نەکەی گەر نازانی چیە!.
8> نازناو، گەر ڕاژەکار پەیوەندیدارە بە وێبگەی خۆتەوە یان نازناوی پێویستە.
9> وشەی تێپەڕبوون.
10> چالاک کردن/نەکردن بۆ پاشەکەوت کردن/نەکردنی وشەی تێپەڕبوون.
11> وەک لە وێنەی سێیەم دا ئاماژەم پێدا، کە لەبەشی چەپ دا پەرگەکانی نێو کۆمپیوتەری خۆت دەردەکەون، بەڵام گەر بتەوێت لەوێدا شوێنێکی ویستراو دەرکەوێت، دەتوانی لێرە هەڵیبژێری.
هەروەها هەمان شت بۆ کاتی چوونەژوورەوە بۆ سەر ڕاژەکار.
بۆ دانانی ناو و زانیاری ڕاژەکاری نوێ، کرتە بکە لە Save.
پاشان ناوی ڕاژەکاری نوێ لە لیستەی ڕاژەکارەکان دا دەردەکەوێت.




بۆ چوونەژوورەوە، ڕاژەکاری ویسترا و دەستنیشان بکە و پاشان کرتە بکە لە Connect، گەر پێشتر وشەی تێپەڕبوونت نووسیبێت و پاشەکەوتت کردبێت، ئەوا دەستبەجێ بەبێ ویستنی وشەی تێپەڕبوون پەیوەندی دەکات بە ڕاژەکارەوە، ئەگەر پاشەکەوتت نەکردبێت، ئەبێ وشەی تێپەڕبوون بنووسی گەر پێویست بێت.
پاش چوونەژوورەوە بەسەرکەوتوویی، بەم شیوەیە دەبێت.




14> پەڕگەکانی سەر ڕاژەکار کە لەبەشی ڕاست دا دەردەکەون.
15> دروست کردنی بوخچەیەک.

<16 ناوگۆڕینی پەڕگە یان بوخچەیەک.
<17 سڕینەوەی پەڕگە یان بوخچەیەک.
<18 چوونەدەرەوە.
<19 وازلێهێنان لە گواستنەوە.
---------
ناردن/ داگرتنی پەڕگە.




پاش چوونەژوورەوە دەتوانی بە دەستنیشان کردنی پەڕگە ویستراوەکان، دەتوانی پەڕگە لە نێوان کۆمپیوتەری خۆت و ڕاژەکاردا بگوێزیەوە لە ڕێی دوو ئایکۆنی دیاریکراو لە وێنەی سەرەوەدا.
پەنجەرەی تایبەت بە ئاستی گواستنەوە.




کۆتایی.
هیوادارم بەسوود بووبێت بە تایبەت بۆ خاوەن ماڵپەڕەکان.

Nov 2005 03

[Chin Bar]
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

[Plastic Surgery, Istanbul]
wouldn't you like to come back from vacation totally refreshed?

Ads by Google